## هەواڵی ڕۆژنامەوانی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی بۆ ساڵی 2018


**دەرچوو:ئادار / 2019**

**تێكرای ژمارە پێوانەیی بۆ نرخی بەكاربەر لەهەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2018 گەیشتە 94.9٪ و بە رێژەی 5.1٪ نزم بوونەوە پێشان دەدات بەراوورد بە ساڵی بنەڕەتی 2012, بەڵام بەراوورد بە ساڵی 2017 بەرێژەی 0.9٪ بەرز بوونەوە ی تومارکردووە.**


| | ساڵ | ژمارەی پێوانەیی | ڕێژەی هەڵاوسان بۆ ساڵی بنەڕەت 2012 (٪) | ڕێژی گۆڕانی ساڵانە بەراوورد بە ساڵی پێشووتر (٪) |
|---|---|---|---|---|
| هەرێم | 2015 | 102 | 2 | / |
| | 2016 | 96.8 | -3.2 | -5.1 |
| | 2017 | 94 | -6 | -2.8 |
| | 2018 | 94.9 | -5.1 | 0.9 |
| | 2015 | 102.6 | 2.6 | |
| هەولێر | 2016 | 94.2 | -5.8 | -8.2 |
| | 2017 | 93.8 | -6.2 | -0.5 |
| | 2018 | 96 | -4 | 2.4 |
| | 2015 | 100.9 | 0.9 | |
| سلێمانی | 2016 | 97.4 | -2.6 | -3.5 |
| | 2017 | 92.2 | -7.8 | -5.3 |
| | 2018 | 92.6 | -7.4 | 0.4 |
| | 2015 | 105 | 5 | |
| دهۆك | 2016 | 99.7 | -0.3 | -5 |
| | 2017 | 98.1 | -1.9 | -1.7 |
| | 2018 | 97.7 | -2.3 | -0.4 |

**نزم بوونەوە بە دی دەكرێت لە ژمارەی پێوانەیی لە گشت پارێزگاكان لەساڵی 2018 بەراوورد بە ساڵی بنەڕەتی 2012. ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگای هەولێر بوو بە 96.0٪ و بەرێژەی 4.0٪ نزم بوونەوەی تۆمار كردووە، لە پارێزگای سلێمانی بوو بە 92.6٪ و بەرێژەی 7.4٪ نزم بوونەوەی تۆمار كردووە، هەروەها لە پارێزگای دهۆك ژمارەی پێوانەیی گەیشتە 97.7 و بەرێژەی 2.3٪ نزم بووتەوە. بەهەمان شێوە پارێزگاكان ڕێژەی جیاوازیان لە ژمارەی پێوانەیی تۆمار كردووە بەراوورد بە ساڵی 2017. پارێزگای هەولێر و سلێمانی بەرز بوونەیان تومارکردووە بەرێژەی 2.4٪ و 0.4٪ یەك لە دوای یەك, بەڵام لە پارێزگای دهۆك نزم بوونەوە بەدی دەكرێت بە رێژەی 0.4٪.**


**ئەو بەشانەی بەرز بوونەوەیان تومار كردووە بریتین لە بەشی رۆشنبیری بەرێژەی 13.6٪، بەشی پەیوەندییەكان بەرێژەی 10.2٪، بەشی تەندروستی بەرێژەی 8.7٪، خواردنەوە كهولیەكان و تووتن بەرێژەی 2.4٪ ، گواستنەوە بەرێژەی 2.2٪، بەشی چێشتخانەكان بەرێژەی 1.8٪، بەشی پێداویستییەكانی ناو ماڵ و چاككردنەوە بەرێژەی 1.7٪، و بەشی خواردن و خواردنەوە ناكهولیەكان بەرێژەی 1.2٪. ئەو بەشەی كە نزم بوونەوەی تۆماركردووە بریتیە لە بەشی خانوو بەرێژەی 11.2٪ بەهۆی چەند هۆكارێكەوە كە گرنگترینیان زیاد بوونی ژمارەی یەكە نیشتەجێبووەكانە بەهۆی گەڕانەوەی ژمارەیەكی زۆری ئاوارەكان لەم یەكە نیشتەجێبووانە بۆ شوێنی خۆیان پاش ئازاد بوونی شوێنەكانیان لەساڵی 2017 .**




**لەمانگی ئایار تاکو مانگی تشرینی یەکەم بەرز بوونەوەمان هەیە لەرێژەی گۆرانی مانگانە بۆ ساڵی 2018 و لە نێوانیاندا مانگی تشرینی یەکەم زۆرترین بەرز بوونەوەی تۆمار کردووە.**



ژمارەی پێوانەیی بۆ نرخی کرێی یەکەی نیشتەجێ بوونە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی مانگەکانی ساڵی 2018




**لەوێنەی سەرەوە ژمارەی پێوانەیی بۆ کرێی یەکەی نیشتەجێ بوون لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بۆ مانگەکانی ساڵی 2018 پێشاندراوە و تێبینی دەکرێت کە پارێزگای هەولێر لە ساڵی 2018 بە تێکڕا نزمترین ڕێژەی تۆمار کردووە بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر.**


**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە :**

**ئیمێل :** contact@krso.gov.krd

**ماڵپەڕ:** www.krso.gov.krd

**تەلەفۆن:**07508963143

00964(0)662559170


زنجیرە:84